سەماحەتی حەکیم ..سەرقامگیری عێراق تیشکدانەوەی باشی لەسەر ناوچەکە هەیە و پێچەوانەکەشی ڕاستە

لە ڕۆژی 5-4-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە ئەلینا ڕمانیسکی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد.

لەم دیدارەدا بارودۆخی سیاسی و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و پێوەندی نێوان عێراق و ئەمریکا گرنگترین تەوەری باسەکان بوون، سەماحەتی پاڵپشتی خۆی بە حکومەتی عیراقی دووپات کردەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان ، هەروەها داوای کرد هێز سیاسییەکان ناکۆکیەکانیان تێپەڕ بکەن و بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتی پێبەوی بکەن، هەروەها سەماحەتی داوای کرد هاریکاری کردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا و ولاتانی دیکە لە ڕووی سەربازی و هەواڵگری بەردەوامی هەبێت بە ئەوەی بەسەر تیرۆر زاڵ بن و ئەگەر بە بەاوبوونەوەی بیرکە چەوتەکانیان نەدرێت.

لەکۆتایشدا ڕوونی کردەوە کە سەقامگیری سیاسی عێراق تیشکدانەوەی ئەرێنی و باشی بەسەر هەموو ناوچەکە دەبێت و پێچەوانەشی ڕاستە، دووپاتیشی کردەوە کە پێوستە گفتوگۆ و وتوێژی زیاتر بکرێت تا هەموو کێشە تێك ئاڵقاوەکان چارەسەر بکرێن.